# *یەکیەتی ئورووپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا* [i]

**شتێفان بیرلینگ**[ii]
*رەحیم بەهرام زادە کردوویە بەکوردی*

بە لە ناوچوونی یەکیەتی سۆڤیەتی و گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی ئورووپا و ئەمریکا، شێوەی هاوکاری ئەم دوو لایەنە، کە بناخەی سیاسەتی ئەوانی لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٤٧پێکـدێنا، لە بنەڕەتەوە گۆڕا. بە هەموو ئەو وتە سەرزارەکیانەی دەساڵی ڕابردوو، ئەو ڕاستییە ناشاردرێتەوە کە لە جێی ئەو شێوازە هیچ شتێکی دی دانەنراوە، واتە جێگای گەڵاڵەی هاوبەشی خۆ پاراستن لە بەرانبەر ڕۆژهەڵات هەروا بە تاڵە .

١- شێوازی کۆن: هاوکاری دژی یەکیەتی سۆڤیەتی
ئورووپا بە دوو شێوە سەرنجی ئەمریکای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە: یەکەم ئەگەر هێزێکی ئورووپایی بوونی ئەمریکای خستبێتە مەترسییەوەوە(شەڕی ئەمریکا و بریتانیا١٨١٢ ) یان ئەگەر هێزێکی ئورووپایی خواستبێتی نفوزی خۆی لە قارەی ئەمریکا بپارێزێ یان پەرەی پێ بدا(شەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا١٨٩٨) .
دووهەم :ئەگەر هێزێکی ئورووپایی هەوڵیدابێ هەموو قارەی ئورووپا بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، وەک شەڕی هەوەڵ و دووهەمی جیهانی و شەڕی سارد.
چونکی ململانەی دووقوتبی چل ساڵی خایاند تەعەهودی ئەمریکا لە ئورووپادا وەک قاعیدەیەک چاوی لێدەکرێ، کەچی ئەوە لە باری مێژووییەوە ئیستیسنابوو .لە دەیەی چل بەملاوە وەڵامی پرسیاری هۆکاری هە بوونی هاوکاری و شەریکایەتی ئورووپا و ئەمریکا بە چەند ڕستەیەک دەدرێتەوە:
ئەمریکا لە ڕادە بە دەر بۆی گرینگ بوو، ئورووپای ڕۆژهەڵات، ناوچەیەکی ئاوا گرینگ لە باری سیاسییەوە، کە خاوەنی سەرچاوەی زۆری مرۆڤی و کانگەییە، نە تەنیا نەدەبوو بکەوێتە بەردەستی ڕکەبەرە جیهانیەکەیەوە، بەڵکو دەبوو بیکا بە شەریکی خۆی. بۆ ئەمەش ئامادەی هاوکاری لە گەڵ ئورووپا بوو بە مەبەستی پەرەپێدان و گەشە پێدانی سیستەمێکی ئابووری پتەو و ئاواڵە، بە هێزی دیپلۆماتیک و یارمەتی زۆری ماڵی وسوپاییەوە بێتە مەیدان. ئەمریکا تەنانەت زۆریشی بۆ ئاڵمان و فەڕانسە دەهێنا بۆ مسۆگەر کردنی یەکگرتنی ئورووپا واز لە دڕدۆنگی بە یەکتری بێنن. بۆیەش لە لەدایک بوونی ئورووپای نوێدا ئەمریکا ڕۆڵی مامانی هەبوو. ئورووپاییەکانیش بە گیان و دڵەوە ئەم دەعوەتەی ئیمپراتۆریان قەبووڵدەکرد چونکە ئەمە دابینکەری ئەوە بوو کە ئەوان تامەزرۆی بوون: ئاسایش لە بەرانبەر یەکیەتی سۆڤیەت لە ژێر چەتری ئەتۆمی ئەمریکادا و سەرکەوتنی ئابووری بە یارمەتی دراو و سیستەمێکی بازرگانی کە حیسابی لەسەر دەکرا. ئەوانیش لە بەرانبەردا ئامادە بوون یەکدەنگ سەرکردایەتی ئەمریکا قەبووڵ بکەن.

هەروەها بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئورووپا دەبووە هۆی ئەوەی وڵاتانی ئورووپای قارەیی کەمتر لە ئاڵمان بترسن. واتە واشینگتۆن نەتەنیا ئورووپای لە بەرانبەر درەوەدا دەپاراست، بەڵکو لە نێوخودی ئەم قارەیەشدا دامەزرێنەری ئاشتی بوو. ئەویش بە لەناوبردنی ئەو هۆ سەرەکیانەی دەبوونە مایەی ناتەبایی لە ئورووپا: گەڕان بەدوای چارەیەکی ئەوتۆدا کە ئورووپا لە ئاچمەزی کێشە ناوخۆییەکان دەرباز بکا. ئەم ستراتێژییە دوولایەنیەی ئەمریکا دوو کێشەی سەرەکی ئاسایشی ئورووپای پاش شەڕی چارەسەر کرد.
ئەوکاتیش جیاوازی بۆچوون لەسەر کێشە جۆراوجۆرەکان کەم نەبوون. بەراوردی جیاواز لەسەر کێشە ناوچەییەکان، چۆنیەتی دابەش کردنی ئەرکی هێدی کردنەوەی گرژی نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، کێشە لە سەر ئەوەی کێ چەندە پارە بدا، گومان کردنی ئورووپا بە تایبەت ئاڵمان لە گەڕانتی ئەتۆمی ئەمریکا، ترس لە تاکەڕەوی واشینگتن، کێشەی دراوی(تەنگەژەی ئەرزی) و دەمەقاڵەی بازرگانی. ئەمانە لە کاتی شەڕی ساردیشدا نانی ڕۆژانەی سیاسەتی نێوان ئەمریکا و ئورووپا بوون. بەڵام سرێشی مەترسی لە سۆڤیەت ئەوەندە بە هێز بوو کە هەموو ئەو درزانەی پڕ دەکردەوە. تەنانەت جیاوازی زۆر گەورەش نەدەبووە هۆی ئەوی ڕاست و دروستی پێوەندی دوو لایەنە بخرێتەژێر پرسیارەوە.
بە نەمانی ئەرکی سوپایی، سیاسی و ئیدیۆلۆژی لە بەرانبەر سۆڤیەتدا، زۆر خاڵی وا کە دەبوونە هۆی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا و قورساییان دەخستە سەر سیاسەتی ئەمنییەتی وهەڵوێست گرتن بەرانبەر ڕۆژهەڵات، نەمان. بەڵام هاوکات هاوکاری نێوان ئەمریکا و ئورووپاش مانای پێشووی خۆی لە دەست دا. گەشبینەکان پێیان وابوو ئەو هێزو سەرچاوە و خەلاقیەتەی، پێشتر بە مەبەستی بەربەرەکانێ لە گەڵ سۆڤیەت بەکاردەهێنرا، دەکرێ بۆ مەبەست و ئامانجی نوێ بە کاریان بێنی. ڕەشبینەکان گاڵتەیان بەم بۆچوونە دەهات و دەیانگوت بەبێ بوونی مەترسییەکی، هەڕەشە لە بوونی فیزیکی هەردوولا بکا هیچ کامیان ئامادە نین درێژە بەو هاوکارییە بێ وێنە یەی١٩٤٧تا١٩٩١بدەن .

### ٢ . ١ هێزی دەستتێوەردانی خێرا و سیستەمی خۆپاراستن بە ڕۆکێت، سیاسەتی ئاسایشی ناو خۆو دەرەوەی ئورووپا

#### ٢ . ١ . ١ناتۆ و سیاسەتی ئەمنییەتی ئورووپا

زیاتر لە چل ساڵ ناتۆ سەمبولی پێکەوە گرێدانی ئەمریکا و ئورووپا و هاوکاری دولایەنەیان بوو. بە نەمانی یەکیەتی سۆڤیەت مشتومڕ لە سەر ئەرک و ستراکتۆری داهاتووی ئەم ڕێکخراوەیە دەستی پێکرد. ئەمەش ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوون و چاوەڕوانی جیاوازی ئەمریکا و ئورووپا بوو. ئورووپاییەکان دەیانەوێ هەر جۆرێک بێ ئەمریکا لە تەکیانا بمێنێتەوە، جا وەک پارسەنگێک لە بەرانبەر ئاڵمانی گەورەدا، یان گەرەنتییەک بۆ زاڵبوون بە سەر

کێشەی ڕۆژهەڵاتدا. لە هەمان کاتدا یەکیەتی ئورووپا هەوڵ دەدا کێیەتی ئەمنییەتی و پارێزگاری خۆی بەهێزبکا.بە پێچەوانەوە ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لە وەدا دەبینێ، ئورووپا لە ڕێی ناتۆوە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی خۆی لە مەیدانی جیهانیدا بەرەو خۆ ڕاکێشێ. ئەم ناتەباییە هۆی ئەو مشت ومڕەیە کە نزیکەی دەساڵە بەر دەوامە.
تا ساڵی ١٩٩٩ئەم وتوویژانە تەنیا لە نێوان پسپۆڕانی هەردوو لادا دەکرا. ئەویش بەدوو هۆ: یەکەم سەرۆک کلینتن (١٩٩٣ـ٢٠٠١) هەرنەبێ بەرواڵەت لەسەر ئەوەی ئورووپا لە باری بەرگرییەوە خۆ بەهێزتر بکەن زۆر نەرمتر بوو تا ئەوی پێش وی. دووهەم: ئورووپا دوای ئەوەی نەیتوانی دژی دەستدرێژی سێربەکان بۆسەر موسڵمانانی بۆسنیا، کارێکی ئەوتۆ بکا، زۆرتر ئامادەیی قەبووڵ کردنی سەرۆکایەتی ئەمریکای هەبوو. لە لایەکی دیکەوە ناتۆ بەو سەرکەوتنانەی باڵکان و بە ئەندام وەرگرتنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا گیانێکی تازەی وە بەرهاتەوە.
دوای ئەو کەموکوڕیانەی لە سەرەتاوە دەبینرا ناتۆ توانی بەهۆی ئەو بۆمبارانە هەواییەی کە شۆڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیجازەی دابوو، لە ئاوگوستی ١٩٩٥ کۆتایی بە گەمارۆی سارایەڤۆ، گۆڕازد و توزلا بهێنێ و لە ئاکامدا پەیمانی ئاشتی دایتۆن لە نۆڤامبری هەمان ساڵدا ئیمزا کرا. هەر وەها دەوری یەکەمی پەرەپێدانی ناتۆ، وەرگرتنی چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بە ئەندامەتی، ئەوەی نیشاندا کە میکانیسمی جێکەوتوی دەنگدان لە سەر بڕیاری دژوار هەروەها کارامەیە و توانایی چارەسەرکردنی کێشەی جیاوازی هەیە. کردەوەی سوپایی لە بۆسنیا و گەورە بوونەوەی ناتۆ کات و بیانووی بەم پەیمانە دا ئەم پرسیارە لە خۆی بکا بەرەو چ لایەک دەچێ. بەڵام ئەم دوو پرسیارە بێ جواب مانەوە. بە بەئەندام بوونی لەهیستان(پۆڵۆنیا)، چێک و مەجار لە ئاپڕیلی ١٩٩٩دا تەنانەت باسەکە قوڵتریش بووە .
شەڕی کۆزەڤۆ نیشانەی پلەی بەرزی هاوکاری ئورووپا و ئەمریکا بوو. بەڵام ئەم شەڕە ئەوەشی بە ئورووپا سەلماند کە دواکەوتوویی سوپایی لە بەرانبەر ئەمریکادا، بە تایبەتی شناسایی بە سەتەلایت، فڕۆکەی وا کە لە هەموو هەوایەکدا دەفڕێ و چەکی زۆر وردو دەقیق لە قورسایی قسەی بۆ بڕیاردانی سیاسی کەم دەکاتەوە .سێچوارەمی ئەو بۆمبارانەی لە وێ دەکرا مەئموریەتگەلێ بوون کە ئەمریکاییەکان ئەنجامیان دەدا. فەرماندەیی ناتۆ ئاگای لە بەرنامەڕێژی و ئامانجی بۆمبارانەکان نەبوو. وەزیرانی بەرگری وڵاتانی ئورووپا لە کۆنفەڕانسە چاپەمەنییەکاندا باسی ئەو بۆمبارانەیان دەکرد، کەخۆیان لە بەرنامەڕێژی و جێبەجێ کردنیدا دەورێکیان نەبوو. هەرچەند لە کۆبوونەوەی پلەی باڵای ناتۆ(ئاپڕیلی١٩٩٩واشینگتن)دا ئەمریکا هەڵوێستێ بەرانبەربە بوون و دروست کردنی هێزی بەرگری وپاراستنی ئورووپا نەرمتر بوو، بەڵام لە سەر ئەوە سووربوو کە هەر بابەتێکی قەیرانی دەبێ پێشتر لە ناتۆ دا قسەی لەسەر بکرێ.

لە کۆبونەوەی یەکیەتی ئورووپادا (کۆلن، ژۆئێنی ١٩٩٩) کە وەزیرانی دەرەوە و بەرگری بەشدارییان تێدا کرد، بڕیار درا هەنگاوێکی بەرزتر بهاوێژرێ، واتە زۆرتر لەوەی لە واشینگتن قسەی لەسەر کرابوو. ئەم کۆبۆنەوەیە ڕێخۆشکەری دانیشتنی مانگی نۆڤامبری هەمانساڵ بوو کە پازدە وەزیری دەرەوە و بەرگری یەکیەتی ئورووپا تێیدا بەشدار بوون. سەرەنجام لە نێوەڕاستی دیسامبری١٩٩٩دا، لە هێلسینکی بڕیار درا هێزیکی دەستتێوەردانی خێرا، کە لە یەکانەکانی پازدە وڵات پێک دێ و(٥٠٠٠٠تا٦٠٠٠٠) کەس دەگرێتەوە دروست بکرێ. ئەم هێزە دەبوو تاساڵی ٢٠٠٣تەواو رێکخرابێ و لە ماوەی دوومانگدا ئامادەی هاتنە مەیدان بێ و هەتا کۆتایی ئەو ساڵە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە پێتێسبێرگ بۆی دیاری کرابوو(بەرگری لە شەڕ، زاڵ بوون بەسەرقەیران و یارمەتی مرۆڤدۆستانە هەروەها عەمەلیاتی رزگاری) ئامادەبێ. لە کاتێکدا واشینگتن بە نیگەرانییەوە دەیڕوانییە ئە و بڕیارانەی کە ئورووپا لە هێلسینکی دابووی، ئورووپاییەکان بۆ یەکەم جار بە فەرمی لە سەر هاوکاری لە گەڵ یەکتر و لە دەرەوەی ناتۆ و بە بێ ڕێبەرایەتی ئەمریکا یەککەوتن. ئەمە دوای قیرانی کاناڵی سوئێز بێ وێنەبوو. ئەمریکا لەوە نیگەران بوو کە ئورووپاییەکان بۆ رکەبەرایەتی لە گەڵ ناتۆ لە پەنای ئەمدا ڕێکخراوی دیکەی سوپایی چێبکەن، بێ ئەوەی لێهاتوویو توانای پێویستیان بۆ بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا هەبێ. لە کۆنفڕانسی ئاسایشی مونیخ، سەرەتای فێورییەی ٢٠٠٠، ویلیام کۆن وەزیری بەرگری ئەمریکا سیاسەتی بەرگری سەربەخۆی یەکیەتی ئورووپای بەتەواوی ڕەت کردەوە وپێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەمریکا تەنیا لە گەڵ بوونی ئەو بەشە لە هێزی سوپایی ئورووپا موافەقەت دەکا، کە بە ئاشکرا لە ژێر فەرمانی ناتۆدابێ.
هاوکات ئەمریکا هەوڵی ئەدا بە دەنگ ئوروپاوە بێت و لە گەڵ ئاڵۆزی، پێداویستی و گرینگی سوپاییدا ئاشنایان بکا. لە ئاپڕیلی ساڵی ٢٠٠٠ ناتۆ فەرماندەیی هێزی ئاشتی پارێز لە کۆسۆڤۆ، کە چوار هەزار و چوارسەد کەس دەگرێتەوە، بۆ ماوەی شەش مانگ بە ئورووپا ئەسپێردرا واتە لە عەمەلیاتی ساڵی ١٩٩٢ـ١٩٩٣نەتەو یەکگرتوەکان لە سودان بەم لاوە، بۆ یەکەم جار لەشکرێکی زۆری ئەمریکایی کەوتوونە بەر فەرمانی هێزێ بێگانە.

.

لە کۆبوونەوەی سەرانی یەکیەتی ئورووپا لە پورتەقاڵ کە لە شاری فایڕا بەسترا، سەرکردەکانی ئورووپا دیسان سەری خۆیان بەو بابەتانەوە قاڵ کرد کە ئەمریکا پێشتر هۆشداری لەسەر دابوو، واتە هێزی دەستتێوەردانی خێرا.هەروەها لە سەرچۆنیەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاری لەگەڵ ناتۆ و بەکار هێنانی هێزی ئەو وڵاتانەی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا نین بۆ عەمە لیاتی لەشکری بە سەرکردایەتی یەکیەتی ئورووپا ساغ بوونەوە. لە واشینگتن کەس لە گەڵ ئەم شێوە بیرکردنەوە یەی ئورووپا نەبوو. بەر لە کۆبوونەوەی سەرانی یەکیەتی ئورووپا لە نیسا (باشووری فەڕانسە) ڕێبەرایەتی کلینتن بۆ یەکەم جار هۆشداریدا کە ئەگەر هێزی „ دەستتێوەردانی خێرا “ ئۆتوریتەی ناتۆ بخاتە مەترسییەوە، ئەمریکا بە شێوەیەکی دیکە بەرپرسیاری خۆی لە ئورووپادا لێک دەداتەوەتەوە. وەزیری بەرگری ئەمریکا“کۆن“، بریتانیای بە لاوازکردنی ناتۆ تاوانبارکرد هەتا نفوزی خۆی لە یەکیەتی ئورووپادا بپارێزێ، ئاڵمان پارەی کەم بۆ مەبەستی پاراستن خەرج دەکا، فەڕانسە دەیەوێ بە دروست کردنی هێزی پاراستنی ئورووپایی ڕۆڵی ئەمریکا لە دنیای کۆندا لاوازبکا.
سەرەڕای ئەمانە ڕێبەرانی یەکیەتی ئورووپا بڕیاریاندا درێژە بەو ڕێگایەی گرتوویانەتە بەر، بدەن.

**٢. ١. ٢چین و ڕووسییە: دوو ڕکەبەری ستراتیژیک**

لە ١٩٩١ بەم لاوە، پرسیارێکی سەرەکی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ئایا دەکارێ سیاسەتێکی گونجاو لە بەرانبەر چین و ڕوسییەدا بگرێتە بەر. لەسەر پرسیارە سەرەکیەکان لە بەرانبەر ئەم دوو زلهێزەدا، لە نێوان ئورووپا و ئەمریکادا هاودەنگی تەواو هەیە: پشتیوانی بۆ سازکردنی ستراکتۆری دێمۆکراسی، پشتیوانی لە ڕێفۆڕمی ئابووری بازاڕی، پێ داگرتن لە سەر لە بەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ وبە شارستانی کردنی سیاسەتی دەرەوەیی.

بەڵام جیاوازی لە سەرچۆنیەتی بە ڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە کەم نین. چل ساڵی تەواو هێزی نیزامی ڕوسییە گەورە ترین مەترسی بوو. لە ١٩٩١بەم لاوە بێ سوباتی سیاسی، بەر لەوەیش لاوازی ئابووری ئەم وڵاتە جێی ئەو مەترسییەیان گرتووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی هەتا ساڵی ١٩٩٣ لە سەر ئەوەی چۆن لە قۆناغی گواستنەوەی سیستەم (system transformation)دا یارمەتی بە ڕووسیە بکرێ هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو. لە کاتێکدا ئیدارەی بووش نیسبەت بە بەرنامەی گەورەی یارمەتی ڕۆژئاوا بەدبین بوو و پێی وا بوو ئەمە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی گوشار بۆسەر ڕووسیە لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی ڕێفۆڕمدا، ئاڵمان زیاتر لە هەموو لایەک لە بەر یەکگرتنەوەی خۆی یارمەتی ماڵی بەڕووسیە دا. دوای هاتنە سەرکاری کلینتۆن، هەڵوێستی ئەمریکا لە ئورووپا نزیک بووەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستگۆڕینە لە بەر ناتەواوی بوودجە نەبووە هۆی یارمەتی بەرچاو. هەوڵی ئەوەش درا کە سندووقی جیهانی پووڵ (IWF)بکێشرێتە مەیدانەوە، تەنانەت ئەگەر ئیعتیباریشی بکەوێتە مەترسییەوە.

لە سەر لەشکر کێشی بۆ سەر چێچێنیاش ١٩٩٦/١٩٩٤و ٢٠٠٠/١٩٩٩ هەر دوولا هەڵوێستیان یەک بوو. یانی لەسەر" کێشەیەکی ناوخۆ" ئەمە ناوێک بوو کە بە فەرمی بەکار دەهێنرا، نە ئەمریکا ئامادە بوو نێوانی خۆی لە گەڵ ڕووسیە ناخۆش بکا نە یەکیەتی ئورووپا. هەر وەها هەر دوو لا بۆیان لوا پەرەپێدانی ناتۆ بەرەو ڕۆژئاوا وا بە ڕێوەبەرن کە نەبێتە هۆی نێوان ناخۆشییەکی پایەدار لە گەڵ مۆسکۆ. ئورووپا و ئەمریکا لە سەر هەڵسوکەوت لە تەک ڕووسییەدا لە سە رقەیرانی باڵکان، بە تایبەت کۆزۆڤودا جیاوازییان هەبوو. واشینگتن کەمتر لە ئورووپا هۆگری ئەوە بوو ڕاوێژ لە گەڵ ڕووسیە بکا و بۆ نێوبژی کردن و تەقە ڕاگرتن یارمەتی لێ وەربگرێ. بۆیەش مۆسکۆ پێیوابوو کە خۆتێوەردان لە باڵکاندا پێش هەموو شت بیری ئەمریکا بووە و ناتۆشی بۆ ئەم مەبەستە بە کار هێناوە و ئورووپاش خۆی لە گەڵ کاروانەکە خستووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئورووپا بە دڵ لە گەڵ ئەو سیاسەتە بوو و تۆنی بڵێر بە ڕاشکاوی پێی لە سەر ناردنی هێزی زەوینی بۆ باڵکان دادەگرت. لە ڕاستیدا لە وەتی ڕووسەکان سیاسەتی دەرەوەیان تەنیا لە پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیاندا خۆلاسە دەکەنەوە، ئەمریکا ماڵاوایی لە سیاسەتی دۆستایەتی نزیکی لە تەک مۆسکۆ کردووە. لەو کاتەوە واشینگتۆن تێرمی" هاوکاری ستراتێژی لە گەڵ ڕووسیە" کەجاران سوێندی پێ دەخورا وەلاناوە، سەدری ئەعزەمی ئاڵمان زۆر بەوریاییەوە لە دیداری خۆی لە واشینگتن و لە گەڵ سەرۆک پووتین هاوکاری ستراتێژی ئورووپا و ڕووسییە دووپات دەکاتەوە، کە وابێ بارستایی ڕووسیە لە هەڵسەنگاندنی ئەمریکا و ئورووپادا زۆر جیاوازە: ئەمریکا خۆ لە ڕووسیە دوور دەخاتەوە، ئورووپا فرەتر بایەخ بەهاوکاری لە گەڵ وی دەدا.ئەمەش دوای ئەوەی جۆرج بووش بوو بە سەرۆک کۆمار ئەوەی خستە بە رچاو کە ڕووسییە بۆ ئەمریکا هێزێکی دەرەجە دووە و کەمتر لە جاران بایەخی هەیە و هێندەشی گوێ نادرێتێ.

چینیش کە بەردەوام لە بەهێزبوونە، لەم بەرو ئەوبەری ئۆقیانووسەوە بە شێوەی جیاواز چاوی لێدەکرێ. گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ ئەمریکا، کە لە ١٨٩٨بەم لاوە هێزێکی بەرچاوە، و بۆ ئەو جۆرەی خۆی لە نەزمی جیهانی هەیەتی بایەخێکی زۆری هەیە. لە ڕونگەیی وڵاتانی ئورووپاییدا، کە بێجگە لە چەند کاردانەوەیەکی کۆڵۆنیالی، زۆر ناوچەیی بیر دەکەنەوە خواستی چین بۆ خۆنیشاندان لە شانۆی نێونەتەوەیی دا کێشەیەکی کەم بایەخە. هەر ئەمریکایە کە بە بڕیار و کردەوە سەلماندوویە، گۆڕانکاری یەکلایەنە لە بارودۆخی ئێستای باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا تەحەموول ناکا. بۆ وێنە ئەمریکا نەک هەر لە بەرانبەر دیعایەی چیندا ڕاوەستا کە داوای Spratley( Islandsنزیک بەسە دجەزیرە لە نزیک وێتنام وفیلیپین)دەکرد، بەڵکوو ئامادەبوو کاتێک چین بەر هەڵبژاردنی مارسی ١٩٩٦ لە تایوان، دەیویست خەڵکی ئەم وڵاتە بەگوڵلەی گەرم چاوترسێن بکا هێزی دەریایی خۆی بنێرێتە تایوان. ئەگەرچی ئەمریکا بەرژەوەندی لەوەدایە پێوەندی لەگەڵ بازاری چین بپارێزێ و تەنانەت کلینتۆن دوای ئەوەی بووە سەرۆک کۆمار شەرت و شروتی بۆ پێوەندی ئابووری شل کردەوە، لە هەمان کاتدا گوشاری دەهێنا بۆسەر وڵاتەکە بۆ لەبەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ، ڕزامەندی دەربڕی بۆ وەرگرتنی چین لە ڕێکخراوی بازەرگانی جیهانی(WTO) . بەڵام ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ چیندا هەرگیز وازی لە حیساباتی ستراتێژیکی خۆی نەهێناوە.

***٢. ١. ٣دۆستایەتی ستراتێژی: تورکیەو ئوکراین***

لە کاتی شەڕی سارددا کاتێ پرس ئەوە بوو بەری پەرەسەندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە مێدیترانە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگیرێت، تورکیە بۆ سەرجەمی ڕۆژئاوا بایەخێکی زۆری هەبوو. هەروەها تورکیە٢٤لەشکری سۆڤیەتی ئاچمەز کردبوو. کە ئەگەر ئەو نەبووایە ڕەنگ بوو لە دەریای ناوەڕاست جێگر بووایەن. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەم وڵاتە بایەخی جارانی بۆ ئورووپا نەما. هەر وەها ئورووپا بە پێویستی نەدەزانی چاوپۆشی لەو هەموو گرفتارییانە بکا کە بە ملی ئانکاراوە بوون. ئەمڕۆ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا لە بەر دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ، کێشەی قیبرس، پێ داگرتنی ئەم وڵاتە لەسەر بەئەندام بوونی یەکیەتی ئورووپا، دیعایەی ئەرزی ودەریایی لە یونان، هاتنی بە سێڵاوی کوردەکان بۆ ڕۆژئاوای ئورووپا، وەک وڵاتێکی مەسەلە ساز چاوی لێ دەکرێ. ئەمریکا بە پێچەوانەوە لە ١٩٩٠بەم لاوە بایەخی زۆرتر بە تورکیە دەدا. لە تەواوی ئەو کێشانەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بۆی گرینگە تورکیە دەورێکی ستراتێژیک

دەبینێ: بەربەرەکانێ لە گەڵ عێراق، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چالاکی ڕووسەکان لە قەفقاز و تاڵان کردنی گاز و نەفتی ئاسیای نێوەڕاست.
تورکیە لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم کێشانەدا هەمیشە هاوبیری ئەمریکا نییە، بەڵام واشینگتن بەئاسانی چاو لەو کەمو کوڕیانە دەپۆشێ بۆ ئەوە ی تورکیە دانەچڵەکێنێ. لەسەر ڕاکێشانی لوولەی نەوت بەدەریای خەزەردا، ئەندامەتی تورکیە لە یەکیەتی ئورووپا و بەربەرەکانی لە گەڵ تێڕۆری پ.ک.ک واشینگتن بە تەواوی پشتیوانی لە هەڵوێستی تورکیە دەکرد. بەڵام ئورووپا دوودڵ بوو تەنانەت زۆر جار ئەو سیاسەتانەی ڕەد دەکردەوە. لە کۆبونەوی سەرانی باڵای یەکیەتی ئورووپا بۆ پەرەپێدانی ئەم یەکیەتی‌یە، بووبە هەرای نێوان تورکیە و یەکیەتی ئورووپا و هەر پاش ئەم هەنگامەیە مەسعود یەڵماز بۆ دیدارێکی دۆستانە چووە واشینگتن و بۆ ئەوەی ئەو قەمچییەی لە قەبرغەی ئورووپای وەشاند بەزەبرتربێ بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: تورکییە چەند فڕۆکەی بۆیینگی لە ئەمریکا کڕیوە.

ئەوەش لە ڕاستی‌دا ئاکامی مەنتیقی ئەوەیە کە ئەمریکا و ئورووپا چەندە لە سەر بایەخی تورکیە بۆچوونیان جیاوازە. مانۆڕی هاوبەشی ئەمریکا-تورکیە و ئیسڕاییل نیشانی دائەمریکا چەندە بایەخ بە پێوەندی لە گەڵ تورکیە دەدا. بۆ نیشاندانی پتەوی ئەم پێوەندییە ئەمریکا باکێکی لە ڕەخنەی توندی یونان، ڕووسیە ومیسر نەبوو. ئەمریکا و ئورووپا لە هەڵسەنگاندنی دەوری داهاتووی ئانکاڕا لە ناوچەکەدا لە یەک دوورن و کردەوەی هەم ئاهەنگیش لە نێوانیان‌دا نابینرێ. بەڵام یەکیەتی ئورووپا چاوی بە سیاسەتی خۆیدا گێڕاوەتەوەوە. لە کۆبوونەوەی ۱۹۹۹ی هێلسینکی‌دا تورکیەی وەک کاندیدای ئەندامەتی بە ڕەسمییەت ناسی. تەنانەت دوای ساڵێک وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا لە گەڵ وەزیری دەرەوەی تورکییە لەسەرشەریکایەتی لە نێوان ئانکارا و بڕوکسێل کرد ڕێککەوتن. بەڵام ئەمە بۆ تەنگ کردنەوەی مەیدانی ڕەخنەی ئەمریکا و تورکیە بوو. لە ڕاستیدا ئێستاش تورکیە شانسێکی ئەوتۆی بۆ بە ئەندام بوون لە یەکیەتی ئورووپادا نییە و لەوە ناچێ لە پایتەختەکانی‌ئورووپاش بایەخێکی زۆر بە شوێنی ستڕاتێژی تورکیە بۆ ڕۆژئاوابدرێ .

بۆ نزیکایەتیەکی بەردەوام لە گەڵ ,,کییەف‘‘ وەزع لەوەش ئاڵۆزترە. ئوکڕاییەنێکی دێمۆکڕات، سەربەخۆ و بە سەقام لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادایە. چونکی ئەم وڵاتە لە بەر شوێنی جۆغڕافیایی وەک قەڵغانێک وایە لە بەینی ڕووسییە و ئورووپای ناوەڕاستدا. ساڵیانی ساڵ واشینگتۆن پێی وابوو ئوکڕاین وڵاتێکی کلیلی ناوچەیە و بە و پێوانەش پشتیوانی لێدەکرد و لەگەڵی دەجوولایەوە. لە ۱۹۹٤ەوە دەستگای ئیداری کلینتن سیاسەتی Russia-firstی وەلانا و زۆرتر یارمەتی ئابووری بە ئوکڕاین دەدا. چونکە واشینگتن پێی وایە لە بەر ئەوەی ئوکڕاین زۆر بە مۆسکۆ قەرزدارە، ئاستەمە بتوانێ بەبێ ئابوورییەکی پەرەگرتوو خۆی لە نفوزی مۆسکۆ بپارێزێ. لە ژێر گوشاری ئەمریکادا سەرانی گ۷ و بانکی جیهانی ساڵی۱۹۹٥ لە سەر یارمەتی بە ئوکڕاین ڕێککەوتن. لە ۱۹۹٦تا۱۹۹۸ئەم وڵاتە زۆرتر لە ڕووسییەی یارمەتی لە ئەمریکاوە پێگەیی و ئێستا دوای ئیسڕاییل و میسر مەقامی سێهەمی هەیە. زۆر دواتر وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا، سەرەتا بریتانیا و پاشان کۆماری فیدڕاڵی ئاڵمان بایەخی ستڕاتێژیکی ئوکڕاینیان بۆ دەرکەوت. بەڵام ئەو چاوەڕوانیانەی لە پەیمانی نێوان یەکیەتی ئورووپا وئوکڕاین دەکرا لە بەر کاول بوونی بناخەی ئابووری ئوکڕاین نەهاتنەدی. ئەمریکاش ئێستا ئەو تەوەهومەی نەماوە و پێی وانییە ئوکڕاین توانای بەشەریکبوونی ستڕاتێژیکی بۆ ئەمریکا ببێ. بە تایبەت پاش ئەوەی ئەم وڵاتە زۆر بە لای ,,مۆسکۆ"دا بای داوەتەوە .

**۲ ۱. ٤ملۆزمەکانی سیاسەتی نێو نەتەوەیی**

لە سەرەتای دەیەی نەوەدی ئەم سەدەیە وە کێشەی نێوان ئەمریکا و ئورووپا لە سەر هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو وڵاتانەی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەخەنە مەترسییەوە(rogue states) پەرەی سەندوە. هەرچەند بەکار هێنانی ئەم چەشنەعیبارەتانە بۆ وەسفی وڵاتگەلی وەک عێراق، ئێران، ئەفغانستان، کۆریای باکوری و کووبا زۆرتر بەیانی سیاسەتی پاوانخوازانەی ئەمریکایە، نەک تەعریفێکی زانستانیانە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەمە سەرنجی ئێمە بۆ خاڵێکی سەرەکی، کە هۆی ناکۆکی ئورووپا و ئەمریکایە ڕادەکێشێ. بەگشتی دەکرێ بڵێین. ئەمریکا کە خۆی بە هێزی سەرەکی بۆ پاراستنی نەزمی جیهانی دەزانێ، بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم وڵاتانە باوەڕی بە بەکارهێنانی سیاسەتێکی زۆر توندتر هەیە تا شەریکەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا. واشینگتۆن بۆ مەجبوور کردنی سەدام حوسەین بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها لە سەر گەمارۆی توند و چاوەدێری بێ ئەمان پێدادەگرێ. تەنانەت ئامادەیە سوپاش بۆ ئەم مەبەستە بە کاربێنێ و یان هەڕەشەی بە کارهێنانی بکا. لە ئورووپای ڕۆژئاوا پشتیوانی لەم سیاسەتەی واشینگتن سەبارەت بەعێراق هەر لە کەمییە. تەنیا بریتانیا ئامادەیە پشتیوانی لەم سیاسەتە بکا. بەڵام فەڕانسە خۆی کردوەتە سەرقافڵەی ئەوانەی سیاسەتێکی نەرمتر بە رانبەربە عێراق دەگرنە بەر. ئەمە و ئەو راستییەی پاریس بۆ پاش لاچوونی گەمارۆ لەسەر وڵاتەکە قەراردادی نەوتی لە گەڵ عێراق بەستووە، زۆربە دڵی واشینگتۆن نییە.

ئەمریکا پێی‌وایە ئەو بە تەنیا بەرژەوەندی هەمووو ڕۆژئاوا دەپارێزێ، بێئەوەی ئورووپا ئەو جۆرەی پێویستە پشتیوانی لێ بکا و تەنانەت زۆر جار زەرەریش دەکا. سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەربە ئێرانیش جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. تەنانەت واشینگتن ڕاگرتنی ,,سیاسەتی وتووویژی ڕخنەگرانە‘‘ی وڵاتانی ئورووپای دوای دەربڕینی ,,قەراری میکۆنۆس‘‘[iii] وەک پەسندکردنی سیاسەتی خۆی بەرانبەر ئێران تەعبیر کردەوە. تا بە یەک گەیەشتن لە سەر سیاسەتێکی هاوبەش ڕێگایەکی دوور لە پێشە. ئیمزای پەیمانێکی دوو میلیارد دۆلاری ئێران لە گەڵ کۆمپانییەکی دەرەوە بە بەشداری شیرکەتی ,,تۆتال‘‘ی فەڕانسە لە بیست و هەشتی سێپتامبەری۱۹۹۷دا بۆ هەڵگوێزانی کانگایەکی تازە بینراوەی گاز بووەهۆی دمەقاڵەی زۆر.

کۆنگرێسی ئەمریکا لە"١٩٩٦"ە وە بەسەرۆک کۆماری ئەسپاردووە دژی ئەو کۆمپانیانەی زیاتر لە٢٠میلیۆن دۆلار لە بەشی ئێنێرژیدا لە ئێران و لیبی سەرمایەدانێن بجوولێتەوە بیانخاتە ژێر گەمارۆی ئابوورییەوە. بۆ وڵاتانی ئوورووپای ڕۆژئاوا، لە پێش هەمووانەوە فەڕانسە و تەنانەت بریتانیای ئەمریکا خۆشەویستیش بەکار هێنانی قانوونی ئەمریکا لە دەرەوەی خاکی ئەم وڵاتە قابیلی قەبووڵ نییە. سەرۆک وەزیری فەڕانسە لیئۆنێل ژۆسپە دوای ئیمزای ئەم پەیمانە لە گەڵ تاران بە تووڕەییەوە کوتی: کەس ئەوەی قەبووڵ نییە کە ئەمریکا قانوونێک دانێ کە لە هەموو دنیا موعتەبەربێ. لە ڕاستیدا وێ دەچێ ئەمریکا بەم سیاسەتەی بەرانبەر تاران گرتویەتی بەر، زۆرتر خۆی ئیزۆلە بکا، تا ئێران.

کاتێ کوبا بخەینە بەر چاو، خۆ تەریک کردنەوەی „واشینگتن"مان زۆرتر بۆ روون دەبێتەوە. بە تایبەت ئەوەی کە ئەمریکا هەوڵ دەدا بەهۆیHems/Burton act کۆتایی بە دەسەڵاتی فیدێل کاسترۆ بهێنێ، بووە هۆی نێوان ناخۆشی ئەمریکا و ئورووپا. ئەم قانوونە، کە١٢ی مارسی ١٩٩٦پەسند کرائیجازە بەهەموو باژێروانێکی ئەمریکا دەدا، شکایەت لەو کۆمپانیا بێگانانە بکەن کە لە کوبادا کەڵک لەو مڵکانە وەردەگرن کە دوای شۆڕشی ١٩٥٩دەستیان بەسەرداگیراوە. هەروەها حکوومەتی ئەمریکا بۆی هەیە بەرگری لە هاتنی مودیرانی ئەم چەشنە شیرکەتانە بۆ ئەمریکا بکا. کلینتن بە ڕیوەبردنی ئەم یاسایەی هەروەدوادەخست و یەکیەتی ئوورووپاش لە شکایەت دژی ئەمریکا لە بەردەم ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی چاوپۆشی کرد. واتە کێشەکە دوا خرا، بەڵام یاسا ئەمریکاییەکە هەر لە جێی خۆیەتی. وتوو وێژی نێوانی ئەمریکا و ئورووپا لە سەر بەکارهێنانی قانوونی ئەمریکا لە دەرەوەی ئەم وڵاتە لە ئوکتۆبری ١٩٩٧دا بەبێ ئەوەی بە هیچ ئاکامێک بگا دوای هات. لە بەیاننامەی یەکیەتی ئورووپادا لەو بارەوە گوتراوە، ئێمە تەنیا داخ و کەسەری خۆمان دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوە چونی ئەم وتو و وێژە دەردەبڕین.
دوای ئەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا پێشتر ڕای مومتەنیعیان دابوو، لە ٥ی نۆامبری ١٩٩٧یەکدەنگ پشتیوانیان لەو بڕیارنامەیەی شۆڕای ئەمنییەت کرد کەداوا لە واشینگتن دەکا کۆتایی بەگەمارۆی ئابووری دژی کوبا بهێنێ. بەڵام چەشنێک هێدی بوونەوە لە سیاسەتی ئەمریکادا، بەرانبەر ئەو وڵاتانەی بەبڕوای وی ئاشتی جیهانی دەخەنە مەترسیەوە بەدیدەکرێ بۆ وێنە گەمارۆی ئابووری دژی کوبا دوای ئەو هەرایەی کە بە هۆی ئەو منداڵەوە (Elian Gonzales)بۆ ئەمریکا چێ بوو، دژی لیبی پاش ئەوەی وڵاتە کە تێرۆریستە ئیحتیمالیەکانی هێرشیان کردبووە سەر فڕۆکە نەفەربەرە ئەمریکاییەکە، لە „لۆکەربی" دابەدەست دادگاوە کۆریا دوای وتووویژی سەرانی هەر دوو کۆریا لە ١٧ی ژوئەنی٢٠٠٠. پێش ئەمانەش ئەو گرژییەی نێوان واشینگتن و تاران هەبوو تا ڕادەیەک خاو ببووەوە .بە تایبەت ئەوکاتەی تیمێکی زۆرانبازی ئەمریکی چوو بۆ تاران. لە ١٩ی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠٠وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بە کارهێنانی ( rouge states) وازی هێناو و ئێستا تێرمی(state of concern)بە کاردێنێ. بەم چەشنە ئەمریکا بە تێرمینۆلۆژی و کردەوە خۆی لە ئورووپا نزیکدەکاتەوە. دەزگای ئیداری بووش دەیەوەێ بەری پەرەپێدانی بایکۆتی ئابووری بگرێ. بەڵام بە کۆریای باکووری زۆر ڕەشبینە. جا بۆیەش هەروەها لە ژوور هەموو کارەکانی ئورووپا و ئەمریکادا چۆنیەتی هەڵسوکەوت لە گەڵ سیستەمی خۆپاراستنی نەتەوایەتی بە ڕۆکێت (STIPS) دەمێنێتەوە .

### ٢. ١. ٥پەرەسەندنی چەکی کۆکوژی و سیستمی بەرگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەرگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژیش ئەو بناغە نوێیە نییە کە پێوەندی دوولایەنەی ئورووپا و ئەمریکای لە سەر دامەزرێ. هەر چەندە وەزیری دەرەوەی پێشۆی ئەمریکا مادلین ئۆلبڕایت ئەمە بەمەترسییەیک دادەنێ کە هەڕەشە لە گشت ڕۆژئاوا دەکاو و دەکرێ ڕۆژئاوا وەک زاموسقەیەک پێکەوە بلکێنێ، بەڵام ئەم بۆچوونە کاردانەوە یەکی ئەوتۆی لە ئورووپا نەبوو. لە ئورووپا بە پێچەوانەی ئەمریکا، کە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک مەترسیەک کە هەڕەشە لە وڵات و هێزی سوپاییان بکا نابیین، بەڵکو وەک مەترسییەک بۆ ناوچەکە خۆی چاویلێدەکرێ. جگە لە مەش ئورووپا نە لەباری تێکنیکییەوە ئەو ئیمکاناتەی هەیە کە بە هۆی سەتەڵایت ناوچەکە بخاتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە، نە ئەو بارستاییە سیاسییەی هەیە، بەری بڵاوبوونەوەی بگرێ. پێشنیاری ئۆلبڕایت لەسەرئەوەی ناتۆ دەبێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەرکی بەرگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی بە ئەستۆوە بگرێ دەکرێ ئاوا تەعبیری لێ بکرێ کە ئەمریکا ڕێبەرە و ئورووپاش وەدووی دەکەوێت.
ترس لە چەکی ئەتۆمی لە پلانی بەرگری ئەمریکاشدا خۆ دەنوێنێ. ئەم وڵاتە گەرەکیەتی بە مووشەکی بەرگری نەتەوایەتی (National Missile Defense)خۆی لە بەرانبەر هێرشی ئیحتیمالی کوورەی باکووری، عێراق یان ئێران بپارێزێ. هاوپەیمانانی ئەمریکا لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا، ژاپۆن و کۆریای باشوری پشتیوانی لەم پلانە دەکەن ئەم بۆچوونەی ئەمریکا قورسایی دەخاتە سەر پێوەندی ئورووپا و ئەمریکا. ئەمریکاییەکانن پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی دڵنیایی زیاتر لە پێوەندی ستڕاتێژیک لە تەک مۆسکۆدا و بەری قەیرانی ئەتۆمی دەگرێ، کە بەهۆی ناردنی نە بە ئانقەستی ڕۆکێتێکی ڕووسی چێ دەبێ. پێش دامەزراندنی سیستەمێکی ئەوتۆ دەبێ پەیمانێک کە بە(ئا بی ئێم) نێو بانگی دەرکردوە دەستکاری بکرێ، یان هەڵوەشێتەوە، کە تەنیا ئیجازەی سیستەمێکی بەرگری کەم بەدوولایەن دەدا. هەر چەندە ئەم بەرنامەیەی ئەمریکا باسی پاراستن بەهۆی سیستەمێک، کە لە فەزا دا بۆ پەرچدانەوەی هێرشی بەینی قاڕەیی، ئەو جۆرەی ڕۆنالد ڕێگان ١٩٨٣پێشنیاری دامەزراندنی کرد ناکا، بەڵام هەر سیستەمێکی بەرگری کە هەموو وڵات بگرێتەوە دژی پەیمانی(ئا بی ئێم)ە. ئورووپاییەکان گومانیان لە راستبوونی ئەمپڕۆگرامەدا هەیە. بەڵام وڵاتەکانی ئەندام تەنیا ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرن. یەکیەتی ئورووپا هەڵوێستی فەرمی بەرانبەر بەم کێشەیە نییە(قسەی „ئانتۆنیۆ گووتەڵێس" سەرۆکی شۆڕای یەکیەتی ئورووپا لە وتووویژی پلە ی باڵای ژووئێنی ٢٠٠١ ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپا). لەبەر کێشەی تێکنیکی سەرۆک کلینتن درێژەدان بەم بەرنامەیە و بڕیاردانی لەوبارەوە بۆ ئەوی دوای خۆی بەجێ هێشت. ئەم ئارام بوونەوەی نێوان هەردوولا دیاردەیەکی کاتی بوو، چوونکە سەرۆک بووش ئەمەی وەک مەبەستێکی گرینگی

سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەڵدەسەنگاند و بە دانانی ڕۆناڵد ڕامسفێلد وەک وەزیری بەرگری کەسی تایبەتیی کە لایەنگری ئەو پرۆگرامەبوو، دیتەوە. لە کۆنفرانسی مونیخ(فێوریبەی ۲۰۰۱) کە بۆ سیاسەتی ئاساییش گیرابوو ئەمریکا ئەم بابەتەی کردە باسی سەرەکی کۆنفرانسە کە. سەدری ئەعزەم شرۆدەر هۆشداری بە ئەمریکا دا خۆ لە بریاری بە تاڵوکە بپارێزی.
یۆشکار فیشەر وەزیری دەرەوە نیگەرانی خۆی لەمەڕ پلانی ئەمریکا دەربڕی و گوتی ئەوە دەبێتە هۆی کێبەرکێی سپایی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وفەزادا. ناوبراو گوتیشی ئەمە تەنیا قسەی ئاڵمان نییە بەڵکوو بۆچوونی هەمووو ئورووپایە. بەڵام لە واشینگتۆن کەس گوێی بۆ ئەم قسانەی ئورووپا شل نەکرد .

**۲. ۲مۆز و هۆڕمۆن: پێوەندی ئابووری**

خەونی دامەزرانی سیستەمێکی لیبراڵی بازرگانی دوای نەمانی مەترسی سۆڤیەت و ئەوەی ئەمە ببێتە کاکڵی پێوەندی ئورووپا و ئەمریکا نەهاتە دی. لە ۱۹۹۰بەمولاوە کێشەی ئابووری، هەتا دێت، دەبێتە کێشەیەکی ناوەندی هەردوولا.
ئەوەش دووهۆی هەیە، یەکەم: بازاڕەکان وا تێکەڵاو بوون کە ئاڵۆزی زۆر لە تەنزیمی پێوەندی ئابووریدا پێک دێنن.
هەر ئەمانەش جاری وایە دەبنەهۆی تێک نەگەیشتنی کولتوری: دووهەم ئەمریکا و ئورووپا دوای نەمانی شەڕی سارد کەمتر لەبەر کاروباری ئەمنییەتی لە بەرژەوەندی ئابووری خۆیان خۆش بن.
۲

**. ۲. ۱کێشەی بازەرگانی**

مشتومڕ لەسەر پرسی بازرگانی لە ۱۹۷۰بەم لاوە بەشێکە لە واقیعەتی پێوەندی ئەمریکا و ئورووپا. هۆی ئەمەش پەرەپێدانی چالاکی بازرگانی ئەمریکا لە ئوقیانووسی ئارام نییە. لە ڕاستیدا ڕادەی بازەرگانی و سەرمایەدانانی ڕاستەوخۆی نێوان ئورووپا و ئەمریکا زۆر لە هی ئەمریکا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا زۆرترە.
بەڵام پرۆژەی وا، کە شوێنی بەرچاو لەسەر سیاسەتی نێوان ئەمریکا و ئورووپا دابنێ، چێ نابێ. دروست کردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد (NAFTA)لە نێوان ئەمریکا و ئورووپادا، بە لەبەر چاو گرتنی کێشەی گومرکی، بە تایبەت لە سەر بەرهەمی کشتوکاڵی و کوتاڵ، زۆر لە خەیاڵی دەچێ. هەروەها وێناچێ هیچ لایەکیشیان ئامادە بن زەحمەتی پێکهێنانی دانیشتنێک، لەسەر کاروباری بازرگانی بەخۆیان بدەن. یەکەم لە بەروەی ئێستاش ئەو شەکەتبوونەی ,,ئورۆگوا‘‘ کە لە نێوەڕاستی دەهەی نەوەد لە کۆبونەوی GATT دووچاری بوون بەری نەداون، دووهەم لە ئەمریکا سیاسەتمەدارنی وەک H Ross Perot, Pat Buchananو Dick Gephardt بۆیان لوواوە بازرگانی ئازاد زۆر بەدنێو بکەن.
هەر بۆیەش کلینتن نەیتوانی کۆنگرێس ڕازی بکا دەستی ئاواڵە بکەن بۆ (fast-track-authority) زیادکردنی سەرمایەگوزاری لە IWF لە کاتی قیرانیدا. بۆیەش ئەمریکا لە بەڕێوەبەردنی سیستەمی ئابووری جیهانی و مودیریەتی کارامەدا دەوەرێکی لاوازی دەبێ، بە تایبەت بۆ دەرباز بوون لە قەیرانە ماڵییەکان. بەڵام سەرەڕای ئەو لاوازییەی ئەمریکا، ئورووپا نا توانێ ئەو بۆشایییە لە ئاسیا پڕبکاتەوە.
ئەویش لەبەر بەرژەوەندیو وسەلیقەی جۆراوجۆر دەربارەی بازاڕ وڕۆڵ و جێگەکەی لە نێوئەم قاڕەیەدا. کۆبونەوەی باڵای زیتڵ (Seattle) دیسامبری۱۹۹۹لەبەر لێکیفایەتی هەر دوولا کە نەیانتوانی بەژەوەندی ستراتیژی و درێژخایەن لە وردەحیسابی ڕۆژانە جیا بکەنەوە بێئاکام مایەوە. ئەوەی پێشتر بووش بریاری دابوو، دەستپێشخەری نوێ لە گەڵ ئورووپاییەکان هەنگاوی تازە بهاوێژرێ، بووە هیچ. هەر بۆیەش کۆبونەوی سازمانی بازرگانی جیهان WTOنەیتوانی کۆتایی بەساڵانی گەشەنەکردن بێنێ.

کێشەیەکی ناوەندی بازرگانی کرینی مۆزو گۆشتی ئەو ئاژەڵانەیە کە بەهۆڕمۆن دەستکاری کراون. ئەمە لەگەڵ یاسای ماڵیاتی کەم وەرگرتن لەو کۆمپانیا ئەمریکاییانەی لە دەرەوەی ئەمریکا کەڵوپەل دەکڕن
(Foreign Sales Corporations، FSC) بەدڵی ئورووپا نییە و لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی بازرگانی هەر دوولان. لە بەر ئیجازە نەدان بە هێنانە ژووری گۆشتی بەهۆڕمۆن بۆ ئورووپا، ئەمریکا بە یارمەتی قازییەک لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سەداسەد جەریمەی گوومرکی خستە سەر هەندێک بەرهەمی کشت و کاڵی کە بایەخی ساڵانەیان ۱۱۷میلیارد دۆلار بوو. لەسەر کێشەی مۆزیش قازییەکی دیکەی WTO ئیجازەی بە دەوڵەتی ئەمریکادا ۱۹۰ میلیۆن دۆلارجەریمەی گوومرکی لە ئورووپا بستێنێ. ئەویش لە بەر ئەوەی دادگاکە بە,,ڕازاندنەوەی قەرداری مۆز‘‘ نێوی برد، نەک گۆڕانێکی بنەڕەتی. ئەم کێشانە بەوەش توندتر دەبن، کە فراکسیۆنی کۆماریخوازەکان، کە زۆرینەی سێناتیان بەدەستەوەیە و ترێنتلۆت سەکردایەتی دەکا، لە سەرکێشەی بازرگانی مۆز مافی ڤیتۆی بە شەریکەی چیکیتا، گەورەترین بەرهەمهێنەری مۆز دەدا .
جگەلە وانەی باسکرا دانی سوبسیدی زۆر بە وەرزێران لە وڵاتانی ئورووپایی کێشەی ناوەندیە. بە ئاکام نەگەیشتنی زیتڵ زۆرتر لە سەرئەم خاڵەبوو. ۲۹ی مانگی ژووئەنی۲۰۰۰دەوری دووهەمی شەڕی بازرگانی ئورووپا و ئەمریکا دەستی پێ کرد، کاتێ ڕاسپێردراوی بازرگانی ئەمریکا ,,کاڕلینە بارشێفسکی‘‘ ئەم پێشنیارەی بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کرد هەموو ئەوسوبسیدانەی بە جووتیارەکانی یەکیەتی ئورووپا دەدرێ نەمێنی. هەروەها ئورووپاش لە سەر ماڵیاتی کەم وەرگرتن لەو شیرکەتانەی لە دەرەوی ئەمریکا شت دەکڕن شکاتی لە ئەمریکا کرد واتە لە سەر ئەو قانوونەی ماڵیاتی کەمتر لەو کۆمپانییە ئەمریکاییانە وەردەگرێ، کە کاڵا لە دەروە دەکڕن. ئەم جارە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی مافی بەیەکیەتی ئورووپادا.

لە مێژە هەر دوولا لەسەر پاراستنی نەهێنی شەخسیش کێشەیانە، کە ئورووپا زۆرتر لەسەر پاراستنی پێدادەگرێ دەکرێ تا ئەمریکا. ئەم پاراستنە ئەوەش دەگرێتەوە کە، ئاگاداری لە سەر خەڵکی، بەوڵاتی سێهەمیش نەدرێ. بۆیەش لە پاییزی

١٩٩٩سوید نەیهێشت ئەو ئاگاداریانەی کە شیرکەتی American Airline لەسەرموسافیرەکانی خۆی کۆیکردبووە بیگوێزێتەوە بۆسەر کامپیۆتێری مەرکەزییان لە ئەمریکا. ئەم کێشەیە لە دانیشتنی یەکیەتی ئورووپا و ئەمریکا لە یەکەمی ژووئەنی٢٠٠٠دوایی هات. لە وتوویژ لەسەر دەنگی زۆری فرۆکە ئەمریکاییەکاندا، دەسکەوتی هەرە گەورە ئەوە بوو کە ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ وە دواکەوێ. کومیسیۆنی ئورووپایی دەیویست نیشتنەوەی تەیارە کۆنە ئەمریکاییەکان لە چوارەمی مای ٢٠٠٠بەم لاوە قەدەغە بکا. واشینگتن هەڕەشەی کرد کە نایەڵێ کۆنکۆرد لە فرۆکەخانەکانی ئەمریکا بنیشنەوە. پاشان ئورووپا ئەو بڕیارەی خۆی ساڵێک وەدواخست. بەو هیوایەی ڕیگا چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

**٢. ٢. ٢وتوو ویژ لەسەر قانوونی کارتێل**

تێکەڵاو بوونی هەرچی زۆرتری بازاڕەکانی هەر دوولا سەرهێشەیەکی زۆری بۆ ئیدارەی کاڕتێلی یەکیەتی ئورووپا دروست کردووە. ئەگەر دوو کۆمپانیای گەورەی هەر دوو لا پێکەوە بلکێن کە سەرجەمی فرۆشی ساڵانەیان لە جیهان‌دا لە پێنج میلیار، یان فرۆشی ساڵانەی دوو لە و شیرکەتانەی دەیانەوێ لە نێو یەکیەتی ئورووپادا پێکەوە بلکێن لە ٢٥٠ملیۆن تێپەڕێ، دەبی ئیدارەی کاڕتێلی یەکیەتی ئورووپا موافقەی لەسەر بکا. بۆ وێنە کۆمیسیۆنی یەکیەتی ئورروپا کڕینی کۆنسێڕنی چەکسازیHughes Electronicsبە هۆی شیرکەتی فرۆکە سازی"بووینگ"ە وە، کڕینی شیرکەتی کابلی Telewestبریتانیایی لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە، یان کاتێ شیرکەتی AOL بڕیاری کڕینیTime Warner دا، بەوردی خستە بەرچاو. کۆمیسیۆنی یەکیەتی ئورووپا تەنانەت باسی بە کارهێنانی قانوونی یەکیەتی ئورووپای لە دەرەوەی خاکی یەکیەتی‌یەکەێ کرد. دوای ئەو بڕیارەی لە ٢٨ی ژووئێنی ٢٠٠٠ بۆ بەرگری لە کڕینی شیرکەتی مخابەراتی Sprint بەهۆی شیرکەتی World com بۆ یەکەم جار کومیسیۆنەکە بەرگری لە یەکگرتنی دوو کۆمپانیای ئەمریکایی کرد. ئەم بڕیارانەی دەدرێ زۆرتر لە و نیگەرانیانەوە سەرچاوەدەگرن، کە کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لەبەر بەهێزبوونی تێکنیکیان دەتوانن بە تەواوی بە سەر بازاڕی ئورووپادا زاڵبن و مەیدانی کێبەرکێ تەسک بکەنەوە. هەرچەندە لە ژۆئێنی ٢٠٠٠بەم لاوە کۆمیسیۆنی یەکیەتی ئورووپا هاوکاری نزیکی لە گەڵ دەزگای دادپەروەریی ئەمریکا هەیە، تەنانەت کومیتەی هاوکاری هاوبەشیشیان هەیە، بەڵام دواکەوتوویی ئورووپا لە زۆر مەیدانی زانستی و تێکنیکی‌دا دەبێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هەر دوولادا.

**٢. ٢. ٣سیستەمی جیهانی دراوی و ماڵی**

لەسەر چۆنیەتی سیستەمی ماڵی و دراوی نێونەتەوەیش کێشەی زۆر لە نێوان ئەمریکا و ئورووپادا هەیە، بۆیەش لە سەر ئەوەی کێ ببێ بە سەرۆکی IWF هەرایەکی زۆر کرا. دوای چەند مانگ مشت و مڕی ناوخۆ ئورووپایی یەکان لەسەر"کایۆ کۆخ وێزەر" کە لە وەزاڕەتی دارایی ئاڵمان کاری دەکرد ساغ بوونەوە. لەبەر ئەوەی تا ئێستە هەر ئورووپایی‌یەکان ئەم پۆستەیان بە دەستەوەبوو لە راستیدا دانانی کەسێکی نوێ وەک شتێکی فۆڕمالیتە چاوی لێدەکرا. بەڵام دیار بوو حیسابی کەمیان بۆ ناڕەزایی ئەمریکا کردبوو. گرینگ بۆ ئەمریکاییەکان ئەوە بوو IWF لە داهاتوودابەرەو کوێ دەچێ. لە کاتێکدا ئورووپا پێیی‌وابوو، ئەم ڕێکخراوەیە دەبێ هەوڵبدا بە دانی قەرزی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی ستڕاتێژی تێکۆشێ، ئەمریکا بەئەرکی ئەم ڕێکخراوەی دەزانی بە سەر قەیرانە چاوەدێری نەکراوەکان‌دا زاڵبێ. واشینگتن ئەم بۆچوونە جیاوازەی لە شەخسی ,,کۆخ وێزەر"دا دەدی. کاتێ ئە و لە کاندیداتۆڕی خۆی کێشایەوە و سەرۆکی بانکی ئورووپای ڕۆژئاوا هۆڕست کۆلەر پێشنیار کرا، ئەمریکا وازی لە ڕاگرتنی خۆی هێنا ئەمیش توانی بە بەڕێوەبردنی ڕێفۆڕم هەر دوولا لێک نزیک کاتەوە .

سیاسەتی دراوی(ئەرزی)ش هۆی کێشەی دوو لایەنەیە. سەرەڕای لاوازی یوڕۆلە سەرەتاوە ئەم پارەیە دەتوانێ لە دەسەڵاتی ئینحساری دۆڵار لە بازاڕە ماڵیەکان کەم کاتەوە. ساڵیانی ساڵ ئەمریکاییەکان پێیان وابوو خەونی یوڕۆ جێ بەجێ نابێ. بەڵام پاش هاتنە مەیدانی یوڕۆ ئەوان لە گەڵ کێشەیەکی دی، واتە دابەزینی لە سەدابیستی بایەخی ئەم پارەیە ڕووبەڕوو بوونەوە، کە ئەمیش بووە هۆی گەشانەوەی ئابووری ئورووپا و هاتنە خواری ڕادەی بازرگانی ئەمریکا. واتە کەم بوونەوەی سادراتی ئەمریکا بەهۆی دۆڵاری گرانەوە و چوونەسەری هیی ئورووپا بە هۆی یورۆی هەرزانەوە. هەروەها یوڕۆ دوای ماوەیەک بووە هۆی دوو قوتبی بوونی دراوی. ناوەندە دراوییەکانیش بایەخی زۆرتریان بەیوڕۆ دا. بۆ وێنە هۆنکۆنگ کە لە سەدا دەی پارەکەی یوڕۆبوو کردییە سەدی پازدە.

**٢. ٣سزادانی ئێعدام و (Treibhausgase)[1]بۆچوونی جیاوازی کولتوری**

لە ساڵی١٩٩٠بەم لاوەوە تێک‌هەڵچوون لەسەر جیاوازی کولتوری هەر دوولاش پەرەی سەندووە. ئەمەش یەکێک لە ئەنجامەکانی نەمانی یەکیەتی سۆڤییەتە ،ئەو مەترسییەی کە هەموو ناکۆکیەکانی دەشاردەوە. دووهەم ئەم کۆمەڵانە وگیر وگرفتەکانیان وا تێک‌تەنراون کە هەر کێشەیەک لەولا بەگێرە و کێشەی سیاسەتی ناوخۆی ئەمەکەی دی چاوی لێ دەکرێ. ماوەیەک لە مەوبەر کۆماری فیدڕاڵی ئاڵمان لە دانیشتنێکدا باسی مافی سەرپەرستی ئەو منداڵانەی دەکرد کە دایک وبابیان ئاڵمانی و ئامریکایین. پێش هەموو شتێک ئورووپایی‌یەکان ئاڵ و گۆڕ لە هێندێ مەیدان دا بە هەڕشە لەسەر خۆیان حیساب دەکەن. دوور نەڕۆین فەڕانسە زاڵبوونی ئەمریکا بەسەر بازاڕی مووزیک و فیلم دا وەک شێوەیەک

[1] (German: )Treibhausgas، (English) the greenhouse effect)

مەترسی بۆ بنەبڕکردنی کەسایەتی کوولتوری خۆی هەڵدەسەنگێنێ.ئەوە کە جووتیارێکی، فەڕانسەوەی، بە سووتاندنی لقێکی مەک دۆناڵد، دەبێتە قارەمانی نەتەوایەتی و پارێزەری هۆوییەتیGraand Nation (نەتەوەی مەزن ناوێک کەگەلی فەڕانسە لەخۆی ناوە) ، یا ئەوەی زۆربەی ئاڵمانی‌یەکان گرینگترین بەڵگەی داوەری‌یان لەسەر ئامریکا بوونی حوکمی ئێعدامە، دەسەلمێنێ کە دوو لایەن چەندە ڕێز بۆ شێوەی ژیانی لایەنەکەی دیکە دادەنێن. لیستی ئەم خۆشەویستییانە! درێژتریش دەبێتەوە ئەگەرباسی ئەوە بکەین چۆن ئەمریکاییەکانن هۆگری تایبەتیان بە چەکی گەرم هەیە. ئەوەی کە ئەمریکا بە ئیحتیمالی زۆرقەراردادی دادگایەکی نێونەتەوەی ئیمزاناکا، دانی پارە بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەوە دەبەستنەوە کە سیاسەتمەداری دڵخوازی خۆیان لە سەرکاربێ. ژۆڕنالیستی بریتانایی مارتین کێتل (Martin Kettle) باسی چەشنێکی نوێی ,,ئانتی ئەمریکانیسم ‘‘ی پاش شەڕی سارد لە ئوورووپا دەکا کە زۆر لە پرتەو بۆڵە ی پێشوو جیدی‌ترە.

ئەو گیر و گرفتانەی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە نوڤامبر و دیسامبری ساڵی ۲۰۰۰ چێ بوو، بووە هۆی خۆشحاڵی زۆری ئوورووپایی‌یەکان. ئەمەش نیشان‌دەدا کە خۆیان لە ئەمریکاییەکان بەکەمتر دەزانن و بەم خۆشحاڵبوونەیان دەیانەوێ قەرەبووی ئەو خۆبەکەمزانینە بکەوەنەوە. ئەوەی ڕاست بێ ئاە وناڵەی ئوورووپایی‌یەکان لەخۆڕا نییە. لە دەیەی حەفتا بەم لاوە ئەمریکا هەوڵ دەدا “هۆلۆکۆست” بکاتە کێشەیەکی ئەمریکایی و خۆی بکاتە چاوەدێری ئەوەی ئاڵمانییەکان ئەرکی مێژوویی خۆیان لەم بارەوە بەجێ بێنن و هەروەها بە مافی خۆی دەزانێ بە ئاڵمان بڵێت چۆن لەگەڵ بێگانەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتە ڕەفتار بکرێ. ئەمە خۆی لە سیاسەتی ڕۆژانەشدا دەنوێنێ. ئەمریکا نەتەنیا ,,ستوارت ئایزنستەیتت‘‘ ی Stuart Eisenstate کە نە فرە پایەبەرز بوو کردە نوێنەری قوربانییەکان بۆ وتو وێژ لەگەڵ ئۆتۆ گراف لامبسدۆرف (Otto Graf Lambsdorff)بەڵکوو هەر ئەویش دەقی وتارێکی بۆیوهانیس ڕاو
(Johanis Rau) سەرۆک کۆماری ئاڵمان ئامادە کردبوو کە بە نێوی هەموو ئاڵمانییەکانەوە داوای لێبووردن لە قوربانیانی شەڕبکا. لایەنی ئاڵمانی تێکستەی وەرنەگرت، بەڵام ئەمە دەنوێنێ تا چڕادەیەک ئەمریکا دەیەوێ بەبێ شاردنەوە، خۆ لە کار و باری ئاڵمان هەڵقورتێنێ، کاتێ باسی هەڵس و کەوتی ئەم وڵاتە لە گەڵ ڕابردووی خۆی دێتە گۆڕێ.
هەروەها لە پاراستنی ژینگەدا وێدەچێ تێک نەگەیشتن هۆیەکی کوولتووری هەبێ. بۆیەش ئەمریکا ئەو هەموو پێ داگرتنەی ئوورووپا لەسەر کەمکردنەوەی ئێمیسیۆن(Emission)[2]پێ سەیرە. هەرساڵی۱۹۹۲ لە کۆنفڕانسی سەبارەت بە هەوا(Klima Konferenz)[3]لە شاری ڕیۆدوژانیرۆ دە زگای ئیداری بووش توانی بەرنامە خەیاڵییەکانی ئوورووپایی‌یەکان زۆر لاوازبکا. لە کیۆتۆش واشینگتن تەواوی پێشنیارەکانی ئوورووپای کە وڵاتانی بەشدار بۆ کەمکردنەوەی مادەی پڕزەرەری (Schadstoffaustoß)[4] کردبویان بەتووندی رەت کردەوە سەر ئەنجام یەکیەتی ئوورووپا و ئەمریکا توانیان لە سەر ئەوەی تاساڵی۲۰۰۰بەرهەم هێنانی گاز سەدا پێنجی ساڵی ۱۹۹۹کەمتر بێ، ساغ ببنەوە. بەڵام دیار بوو ئەمریکاییەکان تەنیا هەڵوێستی پێشووی خۆیان تۆزێک ڕازندەوە و لە ڕاستیدا ئامادەییەکی ئەوتۆیان پیشان‌نەدا. ڕێبەری زۆرینەی کۆماری خوازەکان لە سێنات، لۆت، ڕایگەیاند کە سێنات ئامادە نییە ئەم ڕێککەوتنە پەسندبکا. وت و وێژ لە سەر جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتنەکانی کیۆتۆ لە دێنهاگ(لاهە)ش بەبێ ئەوەی بەئاکامێکی ئەوتۆ بگا کۆتایی هات. ئوورووپا ئەمەشیا بەسەر ئەمریکادا هێنا. بڕیاری سەرۆک بووش کە وتی ئامادەنییە پەیڕەوی لە بڕیارەکانی کیۆتۆ بکا، تەنیا تەئیدی ڕەسمی ئەوە بوو کە چاوەڕوانی دەکرا. ئەم چەشنە هەڵوێستانەی وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا بوونە هۆی دڕدۆنگی ئوورووپایی‌یەکان. کە وابوو کێشە لەسەر سیاسەتی ژینگە(Umweltpolitik)[5]بەرەو ئەودەچێ ببێ بە یەکێک لە کێشە ناوەندییەکانی نێوان هەردوو لا. ئەمەگرژی زیاتریشی بە دواوەوەیە.

### ۳ .ڕوانگەی دوور: شەراکەتی ئەمریکا و ئوورووپا کۆتایی هات؟

تەنانەت دە ساڵ پاش کۆتایی شەڕی سارد ناکرێ بڕیارێکی ڕوون لە سەر پێوەندی ئەم دوولایەنە بکرێ. ڕاستە ڕەشبینەکان ڕاستیان دەکردکە دەیانکوت، ئەمریکا و ئوورووپا ناتوانن لەسەر سیاسەتێکی خولقێنەر بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نێونەتەوەی ساغ ببنەوە، بەڵام حکوومەتەکانی ئەم بەر و ئەوبەری ئۆقیانووس توانیویانە بە کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمی پتەوی پێوەندی دوولایەنە، بۆ بەرگری لە کاولبوونی یەکجاری، بەری لێکترازاوی زیاتر بگرن. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە هەر دوولا بێ‌مەیل نین کە نەهێلن تەمەنی ئەو پێوەندییە تایبەتیە بە مەرگێکی کوت وپڕ کۆتایی بێت. بەڵام لەوە ناچێ ئەمە بەشی ئەوە بکا لەسەر بۆچوونی جیاوازیان لە مەڕ سیاسەتی ئاسایشی، دەرەوە، و بە کارهێنانی مێتۆدی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، ساغ ببنەوە .
لە ناوەندی ئەم ناسازاییەدا بۆچوونی جیاواز لە سەر جیهان و ڕووداوەکانی‌یەتی. ئوورووپا وەک دەستەڵاتێکی ناوچەیی تەنیا ئەو کاتە هەست بەوە دەکا کە دەبێ بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرێ کە مەترسیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی خۆی بێ، بۆیەش لەسەر سیاسەت لە دەرەوەی ئوورووپادا تا ئێستە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوورووپا لەسەر شتێکی ئەوتۆ ساغ نەبوونەتەوە. بەڵام ئەمریکا زۆربەی قەیرانە ناوچەییەکان وەک مەترسییەک بۆسەر ئەو نەزمە دەزانێ کە وەک زلهێزێکی جیهانی دەیپارێزی. ئوورووپا تەنیا ئەو کاتە دێتە نێوحیساباتی ئەمریکاوە، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی پێویستی بە یارمەتی ئەم قاڕەیە هەبێ. سەیر ئەوەیە کێشەی نێوانیان بەوە گرژتر

---

[2] (German:) Emission، (English:) emission:
[3] کۆنفڕانسی کەش وهەوا

[4] گاز ودووکەڵی کە دبنەهۆی پیس بوونی هەوا

[5] (German:) Umweltpolitik، (Engish) environmental policy

دەبێ کە هەر دوولا پێ لەسەر ئەو شێوە پێوەندیە دادەگرن کە تا ئێستا بە کاریان هێناوە و لێی ڕاهاتوون و قازانجی خۆیان لە درێژە پێدان بەم مێتۆد و سیاسەتەدا دەبینن. بەڵام ئەمریکا کە دەستی باڵای لە تێکنیکی سوپایی دا هەیە، خاوەنی ئابووریەکی بەهێزە و توانایی ئەوەی هەیە هێزی سووپایی خۆی لە هەر گۆشەیەکی ئەم ئەرزە بە کاربهێنێ، بێ مەیل نییە قەیرانەکان بە دانانی گەمارۆی ئابووری و هەڕەشە و تەنانەت بە هێزی سوپاییش کۆتایی بێنێ.

ئوروپاییەکان لە بەرانبەردا چل ساڵە فێری هوونەری زاڵبوون بە سەر ئاڵۆزیدا بون و لێهاتوویی خۆنواندنی سوپاییان لە دەرەوەی خاکی خۆیان نییە، زۆرتر حیساب لە سەر هاوکاری ئاشتی خولقێنەری ئابووری و پێوەندی دەزگاکانی سەر بەم دەکەن. لە کۆتاییدا ئەمەش بڵێین کە پێوەندی دوولایەنە لە بەر بەرچاوتەنگی و مەسرەفی سیاسی ناوخۆش، لە هەر دوو لاوە گرانی دەکەوێتە سەر. مەترسی لێرەدایە نەک لە خۆ تەریک کردنەوەدا، یان ئەوەی لە ئەمریکا کێ لەسەر کارە، ئوروپاش لە بەرانبەر بەرچاوتەنگی سیاسەتی دەرەوە لە بەرهۆی ناوخۆ نەخەلسیوە. ئەوەی ئەمریکا لە کووبا بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤی دەزانێ، بۆ ئوروپا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە توورکیەیە. پێداگرتن لەسەر بەرژەوەندی ستراتێژیکی و ئامادەبوون بۆ سازان لە گەڵ دۆستی ئەوبەری ئۆقیانووس زۆرتر ئاستەمە هەتا گونجاو.

هەرچەند هاوکاری لە شەڕی کۆزۆڤۆدا زۆر لە ناکۆکیەکانی شاردەوە بەڵام ناکرێ ئەو ڕاستییە نەبینین کە کاراکتێری هاوکاری دوولایەنە گۆڕاوە. هەتا ئەمریکا وەکوو پارێزەر و ئاشتی خوولقێنەر لە ئوروپا بایەخی کەم دەبێتەوە، بە هەمان رادە کێشەی زۆرتر دێنە گۆڕێ. ئەمانەش ڕیشەیان لە کولتوری جیاوازی سیاسی و بایەخدان و ناتەبایی بیروڕا لە هەر دوو کۆمەڵەکەدایە دایە. بابەتی وەک گۆشتی بە هۆڕمۆن گۆڕاو، ئێعدام، قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی لە ئۆردووگای کاری ئیجباری نازییەکاندا کاریان کردوە، یان مافی سەرپەرستی ئەو منداڵانەی دایک و بابی ئوروپایی وئەمریکاییان هەیە و تەڵاقیان لێک وەرگرتووە دەبنە باسی سەرکی لە وتووێژی وڵاتانی ئەمبەرو ئەوبەری ئۆقیانووس»ئەو پێوەندییەی لەگەڵ ئەمریکا هەمانە ئەوەندە نزیکە کە زۆرتر لە نیوە ناوخۆیی دەچێ«
بەڕاستی ئەم قسەیەی کارستێن فۆیت(Karsten Voigt) بەرپرسی پێوەندی ئەمریکا و ئاڵمان لە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان پر بەپێستی خۆیەتی،کە دەلێ بە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵانی هەردوولا جیاکردنەوەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوە زۆر ئاستەمە لە مناسبەتە ڕەسمیەکاندا بۆ وێنە دیداری باڵای سەرانی هەر دوولای یەکیەتی ئوروپا و ئەمریکا، لە کویولوزی پورتەقاڵ لە مانگی ژووئێنی۲۰۰۰ سەرۆک کلینتن، سەرۆکی شۆرای ئوروپا ,,گووتێرێس‘‘، سەرۆکی کۆمیسیونی ئوروپا ,, پرۆدی‘‘ هەوڵیان دەدا لەسەر هاودەنگی دوو لایەنە پێداگرن و جیاوازییەکان کەمرەنگ نیشانبدەن.

هەروەها کاتی وەرگرتنی خەڵاتی کارڵ (Karlpreis) لە دووهەمی مانگی ژوویەنی ۲۰۰۰لە ئاخێن، کلینتن تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد ئەمریکا بەرژەوەندی درێژخایەنی لە وەدایە، بەرەیەکی هەمیشەیی لە گەڵ ئوروپا هەبێ. بەم قسە سەرزارەکیانە ناکرێ ئەو ناکۆکیانە بشاردرێتەوە کە بوونیان حاشای لێ ناکرێ. ئایا پێوەندی تایبەتی هەر دوو لا، بەو شێوەیەی چل ساڵی ڕابوردوو بە کردەوە دەچووە پێشێ، کۆتایی هات؟ بەڵێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەمریکا و ئوروپا دەبێ ئێستە ڕووبە ڕووی یەکتر ڕاوەستن. لێ پرسراوانی ئەم بەرو ئە وبەری ئۆقیانووس دەبێ جێگا بۆ پەیوەندیەکی واقیع بینانە بکەنەوە و ئەم خاڵانەی خوارە وە لە بەر چاو بگرن
:

- ۱سیاسەتمەدارەکانی هەردوولا دەبێ واز لە وەبێنن خۆیان لە بەر بیرەوەری مارشالپلان و کەیرپاکێت(ئەویارمەتیانەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئەمریکاوە بۆ ئوروپا بەڕێ دەکرا) و مەترسی سۆڤیەت گەرم کەنەوە بەڵکوو پەیمانی نوێ ببەستن و لە سەر پرۆژەی ستراتێژیکی نوێ کار بکەن و ڕێگا بۆ هاوکاری لە سەر ڕێبازی نوێ خۆش کەن و بناخەی بۆ داڕێژن. دەنا لە نە بوونی بەرژەوەندی هاوبەشدا مەترسی ئەوە هەیە کە جیاوازی قسەو کردەوە زیانی لە سوودی زۆرتربێ.
- ۲ئوروپاییەکان دەبێ بە ئەمریکای بسەلمێنن کە بۆ ئەمریکا زۆر بە سوودن ئەمەشیان بەهۆی ڕیفۆرم لە بازاڕی کار وڕێگەخۆشکردن بۆ سەرمایە و کاڵای ئەمریکایی لە بازاڕی خۆیان، قایم کردنی یووڕۆ وەک دراوێکی جێیی متمانە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان وەک یاریکەرێکی ئابووری و ئەرزی جیهانی بەرنە سەروە، هاودەنگ بوون لە سەر ڕووداوەکانی دەرەوە بۆ ئەوەی بە یەکدەنگ لە بەرانبەر ,,واشینگتن‘‘ ڕاوەستن، چێکردنی بەرگری سەربەخۆ، بۆ ئەوەی لە سیاسەت جیهانی دا هەست بە بوونیان بکرێ و ڕێزیان لێ بگیرێ، هەرچەندە ئەمریکا بووختانیان بۆ هەڵبەستێ و بڵێ، ئوروپا بۆ خۆدەرخستن لە بەرانبەر ئەمریکادا خەریکی کۆپیکردنی ناتۆیە.
- ۳ئەمریکاش نابێ چاوەڕوانی لە ڕادەبەدەری لە ئوروپا ببێ و یەکیەتی ئوروپا بۆ جێبەجێ کردنی نەزمی جیهانی بە سەلیقەی ئەمریکایی وەک برا چکۆلەی ئەمریکا ناجوولێتەوە. ئەمریکا تەنیا بە بەڵگە و سەبر دەتوانێ ئوروپاییە کان بەوە ڕازیبکا بەرپرسیارەتی جیهانی خۆیان دەرک بکەن.
- ٤وێناچێ هەر دوولا بەم زووانە لەسەرستراتێژییەکی هاوبەشی جیهانی ساغ بنەوە، پێویستە لە درووست بوونی قەیراندا لێپرسراوی بخرێتە ئەستۆی ئەو لایەنە کە بۆ زاڵبوون بەسەر قیراندا لە ویتر لێهاتوویی وتوانایی زۆرترە. ئەویش بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی گشت ڕۆژئاوا داکۆکی بکرێ. ئەوەش جێ بەجێ بوونی تەنیا بەدیسیپلین و ڕێئالیسمێکی زۆر لەسەر دەسەڵات وئیمکاناتی هەر دوولاوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ئەو دوو مەرجە نەبێ، ڕاگرتنی ئەو هاوکارییە دوولایەنیە کە ئێستە بە کەمترین پلەی خۆی گەیوە، ناگونجێ

- ٥حکوومەتەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ئۆقیانووس دەبێ هێندە پێ لەسەر ڕاستبوونی شێوەی ژیانی خۆیان دانەگرن و هی ئەو بەریش کە هەموو وڵاتانی دیمۆکڕاتی جێکەوتوون و تایبەتمەندی کولتوری خۆیان هەیە قبووڵ بکەن. ئەگەر ئەمە نەگونجێ، نەک هەر هاوکاری لەسەر سیاسەتی جیهانی بەڵکوو مانەوەی ئەو بایەخانەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا هەر دوولای پێکەوە دەلکاند دەکەونە مەترسییەوە .
- 

لە ئاکامی کردەوە تێرۆریستییەکانی ١١ی سێپتامبر ٢٠٠١ بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جێهانی وپێنتاگۆن، ئەمریکاییەکان لە چەشنێ بێ تەفاوەتی نیسبەت بە سیاسەتی دەروەی پاش تەواو بوونی شەڕی سارد، کە جێی خۆی لە کۆنگرێس و ناو خەڵک و حکوومەت دا خۆشکرد بوو، ڕاپەڕین. لە یازدەی سێپتامبرەوە ئەمریکاییەکان دەزانن: کە تێرۆر لە دەروە هاتبوو و دەبێ لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات دژی بجوولێیەوە. بۆیەش باسگەلی وەک پاراستنی ژینگە، سیستەمی بەرگری بەرۆکێت و مافی مرۆڤ کە تائێستە لە گەڵ ئورووپاو چین وڕووسیە دەکرا بایەخی جارانیان بۆ ئەمریکا نییە. ئێستە درووست کردنی بەرەیەکی دژی تێرۆر بۆ لە ناوبردنی ئیسلامیستە توندڕەوەکان بایەخی سەرەکی هەیە. ئەمریکا لە داهاتوودا وڵاتانی دی بەوە هەڵدەسەنگێنێ کە ئایا لە دژی تێرۆر بە هانا یەوە دێن؟ بۆ ئەم مەبەستەش دۆستایەتی کۆن دەژیەتەوە(پاکستان)، ئەوانەی لە دۆستایەتیاندا گومانی جیدی هەیە ئەرکی تازەیان دەخرێتە سەر(عەڕەبستانی سعوودی) و دۆستی تازەش بەرەو خۆ دەکێشرەێ(ڕووسیە).

وێ دەچێ بەربەرەکانێ لە گەڵ تێرۆر ببێتە باسی مان و نەمانی پەیوەندی ئەم بەر و ئەوبەری ئۆقیانووس. ئەگەر ئورووپا یارمەتی ماڵی و مەعنەوی، لە دژی تێرۆر، بە ئەمریکا نەکا مەترسی ئەوە هەیە ئەو "پەیوەندە تایبەتییە"ی کە لە نێوان ئورووپا و ئەمریکادا هەبوو کوتوپڕ نەمێنێ. بەڵام ڕەفتاری وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا زۆر جێی دڵخۆشیە. ئەوەی کە ناتۆ ڕایگەیاند ئێستا بەندی پێنجەمی ئەم ڕێکخراوەیە دێتە ئاراوە(یەکێک لە ئەندامانی ناتۆهێرشی کراوەتەسەر)، ڕاگەیاندنی وەفاداری نیزامی بریتانیای گەورە و وەفاداری بێ ئەم لاو و ئەولای کۆماری فیدڕاڵی ئاڵمان بۆ ئەمریکای ڕوون کردەوە، بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ تێرۆر دەکرێ لەسەر ئورووپا حیساب بکا. کە وابوو ئێستە هیوای ئەوە هەیە کە بەربەرەکانی دژی تێرۆر بە سەر ئەو سەرلێشێواویەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە چەشنێک لە نێوان ئەمریکا و ئورووپادا هەیە، زاڵ بێت.

---

[i] ئەم وتارە لە کتێبی (EuropaHandbuch Bonn 2002) کە ناوەندی فیدڕالی ئاڵمان بۆڕاهێنانی سیاسی (Bundeszentrale für politische Bildung) بڵاوی کردووەتەوە وەرگیراوە.
. بڵاوکراوەکانی ئەم ناوەندە لە قوتابخانەکانی ئاڵمان بۆ راهێنانی سیاسی بەکاردێنن. هەرچەندە ناوەندەکە سەر بە پارتی دێمۆکڕات مەسیحی(CDU) یە، بەڵام ئەم چاپەمەنییانە بۆ پرۆپاگەندەی حیزبی کەڵکیان لێ وەرناگیرێ.
[ii] نووسەری ئەم وتارە مامۆستای مێژووە لە زانستگەی „ ڕێگینسبورگ" لە ئاڵمان وچەندین کتێبی لەسەر پێوەندییەکانی ئورووپا و ئەمریکا و هەر وەها پێوەندی ئەمریکا و ئاڵمان نووسیوە.
[iii] 17ی سیپتامبری 1991 سکرێتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دوکتور سادق شەرەفکەندی و نوێنەرانی ئەم حیزبە لە فەڕانسە و ئاڵمان فتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان لەگەڵ نوری دێبوکری وەرگێر و دۆستی حیزب، لە هێرشێکی تێرۆریستی‌دا لە ریستۆرانێک بەناوی میکۆنۆس لە بڕلین هاتنە کوشتن.
لە ئاپریلی 1997 دادگایەک لە بڕلین چوار کەسی لەم پێوەندییەدا بەتاوانی کوشتنی ئەوانەی ناوبران مەحکووم کرد. هەروەها لە بڕیاری دادگادا سەرکردایەتی حکوومەتی ئێران وەک بەرپرسیاری پلان‌داڕشتن و بەڕێوەبردنی ئەم کردەوە تێرۆریستیە تاوانبار کراوە. بڕیارەکە باسی ئەوەش دەکا، سەرکردەی دینی سەید عەلی خامنەیی و سەرۆک‌کۆماری ئەوکاتی ئێران عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی لە پێشدا لە پلانەکە ئاگادار کرابوون. فایلی دادگا: Berliner Kammergericht Aktenzeichen (1)2StE 2/93 (19/93)